ژمارە 《68》 کانونی یەکەمی (٢٠٠٩) ز

# ماموستا و پەروەردە

المعلم والتربية

mamosta w perwerde

بڵاوکراوەیەکە ماموستایانی
پیشەیی کوردستان دەریدەکات

# عێراق خوێندن بۆ قۆناغی شەستەکان دەگەڕێنێتەوە

سایتی ئاوێنە:

سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایگەیاند تا ساڵی ٢٠١٢ عێراق پەرەی تەواو بەکەرتی پەروەردەو فێرکردن دەداتو هەنگاوێك دەبیاتە پێشەوە، ئەویش بەگێڕانەوەی دۆخی ساڵانی شەستو حەفتاکان کەلە ٦٣٪ی بودجەو ئیمکانیاتی وڵات بۆ کەرتی پەروەردەو خوێندن تەرخان دەکرا.

سەرۆکی لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی عێراق، دکتۆر عەلا مەکی هۆکاری دابەزینی ئاستی خوێندنیشی لەسەرانسەری عێراق بۆ سیاسەتەکانی بەعس گێڕایەوەو روونیکردەوە راستە ئێستا ٤٥٠هەزار ماموستا لەعێراقدا هەیە، بەڵام ٨٠٪ی ئەم وانەبێژوو کادیرانەی پەروەردە، دەرچووی سەردەمی بەعسنو ناتوانن زانیاریو فەلسەفە نوێیەکانی پەروەردە بەباشی بگەیەننە قوتابیانو خوێندکارانو هەر ئەوە دەزانن کەلە سایەی ئەو رژێمە فێری بوون، ناوبراو جەختیشی کردەوە ئەوان داوایان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کردووە، پشکی گەورەی بودجەی عێراق لە ساڵانی ٢٠١٢,٢٠١١,٢٠١٠، بۆ کەرتی پەروەردەو فێرکردن تەرخان بکرێت.



## هەواڵەکانی کەرکوك

- قوتابخانەی (قانح) دووبەڕێوەبەری هەیە یەکێکیان سەر بە بەرێوەبەرێتی گشتی پەروەردەیەو ئەوی تر سەر بە پەروەردەی خوێندنی کوردییە. هیچیان دان بەویتر دانانێت.

- بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك لەلایەن حکومەتی ناوەندی دانراوە، دەڵێت ئەگەر خۆر لەسەر ئاڵای کوردستان هەڵبێت من لەژێریا دەوام ناکەم. ئەم بەڕێوەبەرە کوردیشە!!.

-ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی زانا ٩٠٠قوتابی دەبێت تاکو ئێستا میلاکی ناتەواوە.

- هەندێ لەسەر پەرشتیاران کەسەردانی قوتابخانەکان دەکەن ماموستا دەگوازنەوە بەبێ ئەوەی موباشەرەیان کردبێت.

-بەهۆی بێ کارەبایی دواناوەندی بێخودی ئێواران رۆژی چوار وانە دەخوێنن، دەوامەکەی پێچەوانە کە ئامادەیی پیشەسازییە رێگا نادەن مولیدەکەیان بەکاربێنن.

- بەهۆی نەشارەزایی فەرمانبەرانی پەروەردەی خوێندنی کوردی هەندێ جار بەهەڵە سەرمووچەو بەرزە مووچە بۆ ماموستایان دەبەسترێت.

-بەکارهێنانی وشەی ناشرینو بریندارکەر بەرامبەر بە ماموستایان لەلایەن هەندێ بەڕێوەبەر بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی نا پەروەردەیی خۆیان چەندین کێشەی لێکەوتۆتەوە.

- ئەو خولانەی بۆ ماموستایان دەکرێتەوە لەکاتی گونجاو نین.

- پەیمانگای ماموستایانی قەرە هەنجیر کەبۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو، هەلیان وەشاندەوەو کەلوپەلەکانیان بەسەر قوتابخانەکان دابەشکرد.

- لەسەرەتای دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن تاکو ئێستا قوتابخانە هەیە سەرپەرشتیاری پسپۆری هەندێ وانەی بۆ تەرخان نەکراوە.

- دیاردەی وانەی تایبەتی لەپەرسەندندایە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بازرگانیکردن لەلایەن هەندێ ماموستایانەوە بۆ بەدەستهێنانی برێك پارە.

# لە کەرکوك بە چوارپۆلیس لە قوتابییەکی زانکۆ دەدەن

ئەیاد ئەکرەم رەحیم تەمەن ١٨ساڵ فێرخوازێکی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی دانیشتوی گەڕەکی ماموستایانی رەحیماوای شاری کەرکوکەو،فێرخوازی وەرگیراوی زانکۆی جیهانی ئەهلییە لە هەولێر. سەرلە بەیانی رۆژی ٢٠٠٩/١بۆکرینی بەرچایی سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبێت ولەرێگەدا لەگەڵ ئۆتۆمبێلی شۆفێرێکی ئاشوریدا٠ پێکدادەدەن بەڵام بە هۆی سووکی پێکدادانەکە بەئاسانی کێشەکە چارەسەر دەبێت و پاش گەڕانەوەی ناوبراو لە نزیك ماڵەکەیدا کتوپڕ رووبەڕووی دەستڕێژی گوللەی پاسەوانەکانی موقەدەم هەڤاڵ دەبێتەوە،کە هەندێك لەو گوللانە بەر ئۆتۆمبێلەکە دەکەون،بەهەرحاڵێك بێت خۆی دەگەیەنێتە بەر دەرگەی ماڵەوەیان کەزۆر دوور نابێت لەوشوێنە،لەکاتی دابەزینیدا لەبەر دەرگەی خۆیان پۆلیسەکان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان دوای دەکەون ولەبەر دەرگە چوار گوللەی دیکەی بێ هیچ پاساوێك پیادا دەکێشن ولەو شوێنەدا درێژی دەکەن،کاتێك باوکی کوڕە لاوەکە لەدەنگی ئەو تەقە نزیکانە بە ئاگا دێتەوەو بەرەو پیری دەچێت کوڕەکەی بە خەڵتانی خوێنەوە بە چاوی خۆی دەبینێت بە هەڵەداوان لەگەڵ پۆلیسەکاندا کوڕەکەی دەگەیەنێتە نەخۆشخانە.ئێستا پاش لێکۆڵینەوە سێ لەو پۆلیسانە گیراون ویەکێکیان تاکو ئێستا هەلاتوەو بێناونیشانە.ئەمەش گومانی تاوانەکەی لەسەر زیاتر دەکات.

# لەساڵی ٢٠٠٩ دا ٢٠٩ پڕۆژەی پەروەردەیی جێبەجێ کراوە

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٩)دا چەندین پڕۆژەی جیاوازی لەشارە جیاوازەکانی کوردستاندا ئەنجامداوە، وەکو نۆژەنکردنەوەی بینای قوتابخانەکانو باخچەی ساوایان، لەوانە (٤١)پڕۆژە چاککردنو فراوانکردنی قوتابخانەکانو باخچەی ساوایان (١٦٨) پڕۆژە دروستکردنی قوتابخانە کە (٦٩)قوتابخانە لەپارێزگای هەولێر (١٠٣)قوتابخانە لە سلێمانیو (١٣)قوتابخانە لەسنوری گەرمیانو (٢٤) قوتابخانەش لەسنوری پارێزگای سلێمانی، کەکۆی ئەو پڕۆژانە لەوساڵەدا دەگاتە (٢٠٩)پڕۆژەی پەروەردەییو کۆی تێچووی پڕۆژەکانیش بەگشتی (١٩٤) ملیارو (٩٠٠)ملیۆن دینارە. شیاوی باسە سەرەڕای بەئەنجام گەیاندنی ئەو پڕۆژانە هێشتا کوردستان پێویستی بەدەیان قوتابخانەو نۆژەنکردنەوەو پڕۆژەی دیکەی پەروەردەیی هەیە، بەپێی ئامارەکانیش کوردستان لەئێستادا پێویستی بە دروستکردنی (٢٠٠٠)قوتابخانە هەیە تاکودیاردەی دوو دەوامی سێ دەوامیو دیاردەی جەنجاڵی پۆلەکانی خوێندن کەم ببێتەوە.

# ١٢٠٠٠هەزار قوتابی عەرەب لەقوتابخانەکانی کوردستان دەخوێنن

بەهۆی تێکچوونو نائارامی رەوشی ئەمنی لەناوەڕاستو خوارووی عێراقدا تاکو ئێستا بەهەزاران خێزانی عەرەب روویان لەکوردستان کردووە، بەپێی سەرچاوەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا نزیکەی (١٢٠٠٠) هەزارقوتابی کەلەخوارو ناوەڕاستی عێراق هاتوونو لەکوردستان دەژینو لەقوتابخانەکانی کوردستانیش درێژە بەخوێندن دەدەن، بۆئەم مەبەستە وەزارەت لەوشوێنانەی کەخێزانی زۆری لێکۆبۆتەوە قوتابخانەی تایبەتی بەزمانی عەرەبی بۆ کردوونەتەوە، لەو شوێنانەو قوتابخانانەش کەژمارەیان کەمە ئەوا هۆبەی تایبەتیان بەزمانی عەرەبی بۆ کراوەتەوە، بێجیاوازیکردن پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دەستەبەر کراوە، وەزیری پێشووی پەروەردە (د.دلشاد) رایگەیاند کەهەرچەندە ئەو هەموو ژمارە زۆرەی قوتابی عەرەب قورسایی دەخاتە سەر بوودجەی وەزارەتو قوتابخانەکان، بەڵام ئەرکمانەو وەك مافێکی سەرەتایی خۆیان، دەبێت ئاسانکاری درێژەدان بەخوێندنیان بۆ بکەین، شیاوی باسە رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی قوتابیانی هاوردەی عەرەبو نەتەوەکانی دیکە لەکوردستاندا زیاتر دەبێت.



# قوتابخانە قوڕو بەردەکەی (بەرسرین) ویژدانی کەس ناهەژێنێ!

دوای بڵاوکردنەوەی چەندین هەواڵو نووسینو بەدواداچوون لەبڵاوکراوەی ماموستاو پەروەردە لەسەر خراپی رەوشی هەندێ قوتابخانە لەسنوری سۆرانو باڵەکایەتی، کەچی تاکو ئێستا کەزیاتر لە سێ ساڵیشی بەسەردا تێدەپەڕێ هەنگاوێك نەنراوە بۆ چاککردنەوەی دۆخیان، قوتابخانەی بەرسرینی بنەڕەتی ئەو قوتابخانە لەقوڕو بەرد دروستکراوو تاریكو وێرانەیە لەهەموو شتێك بچێت لەقوتابخانە ناچێت، هیچ مەرجێکی پەروەردەییو ئینسانیو یاسایی تێدانییەو تەنها سێ تاچوار مەتر لەرێگای گشتی هاملتۆن حاجی ئۆمەران دوورەو بەردەوام لەمەترسی لادانی ئوتۆمبێلو تەنانەت دا رووخانی چیایەکەی پشتیدایە، ژووری تێدایە ئێستا بەهۆی باران ئاوی تێکەوتووە، بچووك ئەگەر دوو مەتر یان سێ مەتر بێت، پەنجەرەی بچوكو دەرگای تەنەکەو تابلێی تاریك، رەحلەی خراپ منداڵە بێ نازو قوتابییە چاو گەشەکانی ئەوە چەندین ساڵە لەم وێرانەیەدا دەخوێننو کەسێك نییە بە هاواریانەوە بێت، قوتابخانەی (رەشەکەڵ) یش کەلە نزیك پردی (حافیزە) حاڵی لەم باشترنییە، تکایە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆرانو بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە، ئەگەر ئاگادارنینونەتانبینیوە بڕۆن بەچاوی خۆتان ئەم دیمەنە جەرگبڕە ببینن.

## پرسەنامە
## بەڕێز ماموستا فەخرەدین سەلیم هەورامی

بە خەمو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
ئەم هەواڵە دڵگرانی کردین، بەشداری خەمتانینو هیوادارین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵە بەڕێزو تێکۆشەرەکەتان بێت.

ماموستایانی پیشەیی کوردستان
کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩